دەستگیرکردنی تیرۆرستێکی مەترسیدار لە خورماتوو

ئەمڕۆ چوارشەممە، بەڕێوەبەرایەتی هێواگری سەربازی دەستگیرکردنی تیرۆریستێکی مەترسیداری لە قەزای توزخورماتوو راگەیاند.

بەڕێوەبەرایەتییەکە لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند:-,, بەپێی زانیاریی دروست لە هەبەی فەرماندەیی بارەگای کۆنترۆڵی توزخورماتووی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی هێواگری سەربازی، بە هاوکاری مەفرەزەیەك لە بەشی هێواگری فەرماندەیی ئەپراسیۆنەکانی کەرکوك، و لەگەڵی بەسەیەکی وردوە، تیرۆریستێکی مەترسیداری سەر بە باندە تیرۆریستییەکانی داعش لە ژێر ناوی (ویلایەتی کەرکوك) دەستگیرکرا، کە لەلایەن دەسەڵاتی دادوەری عێراقەوە داواکراوە بەپێی بڕگەکانی مادەی (4/تیرۆر) لە قەزای توزخورماتوو.

ئاماژەی بەوەشکرد: دوای تەواوکردنی کارە یاساییە پێویستەکانی دژی، بەپێی پێویست لەدەستی لایەنی داواکار کراوە